# حوكمی ئەو كەسەی باوەڕژنەكەی بەهاوسەر بگرێت

[ كردي – كوردی – kurdish ]


نیهاد جەلال حبیب الله

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم الزواج من زوجة الأب

« باللغة الكردية »

نهاد جلال حبيب الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی ئەو كەسەی باوەژنەكەی بەهاوسەر بگرێت

ئەوەی بە زانین ئەو كارە دەكات؟

ئەوەی نەیزانیوە ئەو ئافرەتە باوەژنیەتی و بە نەزانی كردوویەتی؟

حوكمی ئاشكرابوونەكە چییە؟

حوكمی منداڵی لێكەوتەی ئەو هاوسەرگیریە چییە؟

پێغەمبەر( h) بیستبووی كە پیاوێك چووە ژنەكەی باوكی بەهاوسەر گرتووە، بۆیە پێغەمبەر( h) حارثی كوڕی عەمری نارد تا بیكوژێت، كاتێك دەیویست بڕوات بەڕراء وتی مامە گیان بۆ كوێ دەچیت؟ ئەویش وتی پێغەمبەری خوا( h) ناردوومی تا بچم بدەم لە گەردنی ئەو پیاوەی ژنەكەی باوكی بە هاوسەر گرتووەتەوە.

زانایان لەسەر ئەوە كۆكن كە ئەوەی لەگەڵ ژنی باوكیدا زینا بكات یان هاوسەرگیری بكات ئەوا لە هەردوو بارەكەدا سنووری خوای بەزاندووەو كەوتوەتە حەرامەوە، سەبارەت بە پەیڕەوی حوكم و سزادانی بۆ یەكەمیان سزای زیناكاری بەسەردا دەدرێت، ئەگەر هاوسەرگیری نەكردبوو و بێ ژن بوو ئەوە جەلدی لێدەدرێت، بەڵام ئەگەر هاوسەرگیری كردبوو و تووشی ئەو زینایە

ببوو ئەوا رەجم دەكرێت، بەڵام بۆ سزادانی دووەم كە بریتیە لە بەهاوسەرگرتنی ژنی باوكی(باوەژن) لەگەڵ بوونی ئیجماع لەسەر تاوانباربوونی و حەرامی ئەو كارەی، بەڵام بۆ پەیڕەوی حەد لەسەری ئەوا راجیایی هەیە، رای جمهوور لەسەر ئەوەیە ئەگەر ئافرەتێكی مەحرەمی هێنا لە خوشك یان دایكی یان ئەوەی كە هاوسەرگیری لەگەڵی حەرامە و گواستیشیەوە(واتە جیماعی لەگەڵ كرد) ئەوە حەددی زیناكاری لەسەر جێبەجێ دەكرێت، بەڵام ئەبوو حەنیفە پێی وایە ئەگەر كەسێك باوەژنەكەی بهێنێتەوەو بشزانێت لەسەری حەرامە ئەوا هێشتا حەددی لەسەر واجب نیە، چونكە پێی وایە عەقدی هاوسەرگیری ئەو حەددەی لەسەر ناهێڵێت.

ئیمامی شەوكانی لە باسی ئەم فەرموودەیەدا (كە لە بەرائی كوڕی عازبەوە هێناویەتی دەڵێت خاڵۆمم بینی ئاڵایەكی پێ بوو وتم بۆ كوێ دەڕۆیت وتی پێغەمبەر( h) ناردوومی بۆ كوشتنی پیاوێك كە باوەژنەكەی خۆی(ژنی باوكی) بە هاوسەر گرتووە و چووەتە لای پاش كوشتنیشی سامانەكەی ببەم) دەڵێت: ئەم فەرموودەی بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە ئیمام و دەسەڵاتداری وڵات بۆی هەیە فەرمان بكات بە كوشتنی هەركەس كە پێچەوانەی حەرامكراوێكی یەكلاكراوەی شەریعەت بكات وەك ئەم مەسەلەیە چونكە خوای گەورە دەفەرمویت ﴿وَلَا تَنْكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنَ

النِّسَاءِ﴾ [النساء:٢٢]، دەبێت ئەوە لە فەرموودەکە وەربگرین کە ئەو کەسەی پێغەمبەر( h) فەرمانی کرد بە کوشتنی دەیزانی ئەو شتە حەرامەو لەبەر بەحەڵاڵ کردنی ئەنجامی دابوو، ئەمەش هۆی کافربوونەو مورتەدیش دەکوژرێت لەبەر ئەو بەڵگانەی هاتون...هەروەها ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دروستە بردنی سامانی ئەو کەسەی لەفەرمانی خوادەرچوون ڕەوا دەکات و بە حەڵاڵی دەزانێت پاش کوژرانی دروستە سامانی ببرێت.

ساڵح فەوزان لە وەڵامی پرسیارێك کە کراوەو لە ماڵپەری (طريق الإسلام) وەڵام دراوەتەوە سەبارەت بە کەسێك کە باوەژنەکەی مارە بکاتەوە لەوەڵامدا وتوویەتی:

ئەگەر کەسێك بزانێت ئەوە حەرامەو بە حەڵاڵی دابنێت ئەوە کافر بووەو لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە، ئەگەریش نەیزانیبێت و دواتر بۆی ئاشکرا بێت دەبێت خێرا ئەو هاوسەرگیریە هەڵبوەشێنێتەوەو لەبەر ئاگادارنەبوونی پێی کافر نابێت، ئەگەریش منداڵی لێی هەبوو ئەوا ئەگەر لە نەزانینەوە بووبێت واتە نەیزانیبێت باوەژنیەتی ئەوە منداڵەکانی شەرعین.